شیعر



گوڵباخ بەهرامی

# هەرێمی کچ و نیوەی کاڵی ماچ



سێبەرەکەم پیاوێکە بەتاڵ و
هەموو ئێوارەیەک
لە باڵاما کورت ئەبێتەوە!
کە تەنیا ئێوارەیەک بەسە بۆ مردن و
جادەیەک بۆ سەفەری پەنجەرەکان!
کە ئەمجارە لە هاتووچووی وەرزێکی وشک
بە خەیانەتی بارانەوە ئاوێزان بووم و
رچەی سەفەرێکم شکاند
لە مەنتقی خودادا هەزار پاتە ئەبێتەوە و
هێشتا لە پەراوێزی هەرچی بوونە
نوختەیەکین
لە سترانی " با " کورتتر و
لە تاقەتی فڕینی خەندەیەک نزمتر!
بە ئاوێزانی ئەم جادەوە

هە ڵمپێچە و لە سەرەتاوە بڕوێ!
کە ئاوارەییت لە جووڵانەوەی کاتژمێر نەترازێ و
باڵات بەئاوێنەوە نەشکێ!
چۆن لە سەرابی شیعرێکەوە
گلەیی دوو حەرف
ئەمانکا بە گریان و
چۆن لە کارناواڵی خەمێکا
بارانی ماچێک ئەمانباتەوە بۆ قەدەری ئەشق!
چاوەکانت لە گەمارۆی نیگایەکدا
بەتاڵ ئەبنەوە،
کە سەرنجی مەراقێک راتئەکێشێ
بۆ دوایین ساتەکانی مردن!
چیمان پێ بوو
بێجگە لە جانتایەک پڕ لە باڵی سووتاوی پەپوولە و
شانەیەک لە بەیداخی پەنجەیەکی داهێنەر؟!
ئەی بۆ نەتانزانیوە
ئەم وڵاتە گەنم رەنگە
دەمێکە بارانی نەدیوە و
پۆل پۆل
بێدەنگی سەفەرێکی بەتاڵ
لە روومەتی دائەچۆڕێ؟؟
ئێمە هەموومان درۆ ئەکەین
ئێمە هەموومان رۆژێک دایکمان لە خۆمان رەنجاندووە!
ئێمە هەموومان رۆژێک شاخمان لە خۆمان تۆراندووە!
ئێمە هەموومان رۆژێک گاڵتەمان بە زەردەخەنەی
خەمێکی بەساڵاچوو کردووە!
ئەی تۆ درۆت نەکرد،

که چاوە زیتەڵەکانی خودات لە مشتدا
توند توند قوچاند و
سەیری پاتاڵی تەتەری مێژووت ئەکرد؟
ئێمە چەندە لێهاتووین
لە دۆڕاندنی کاتەکاندا
لە شینگێڕی بۆ ساتەمەرگەکانی رەش،
کە باهۆزێک ئێوارەیەک
دێ و ئەیانبا!
تۆ لە سەرەتای ئەم کۆسپەوە هاتیت!
تۆ لە کاتێ لە دایک بووی قیژە کەڕ بوو
بۆیە لە بێدەنگی ئەترسیت و
ئاوێزانی بالۆرەیەک
بیرێک ئەتبا و ناگەڕێتەوە!
ئێمە پاشماوەی نفرینەکانی خوداین
کە رۆژێک بێ تاوان
ئەمانخاتە ئەڵقەی مەرگەوە و
رۆژێک
لە چرپەچرپی بارانێکی تەتەرا
ئەمانخوێنێتەوە و
بەزللەیەک کاڵمان ئەکاتەوە!
چەندە تەنیا بووین
کە تەنیاییمان کردە خەڵاتی خاک و
"هەڵەبجە "مان دۆڕاند
چەندە تەنیا بووین
کە خودامان خستە باوەشی شارێک و
"قاڕنی و قەڵاتان"مان دۆڕاند!
چەندە هێواش بووین لە پێکەنینا



که بەدەم سەمای خەندەوە مردین!
بووین بەئایەتێکی دزراو و
لە کارەساتا دووپات بووینەوە!
بووین لە سورەیەک لە تاوان و
لە کتێبی پێغەمبەرێکی ترا رووواینەوە!
کات کە ئەمانخوێنێتەوە
رائەوەستێ،
چرکە ئەمرێ و
زەمەن لە تاووتوی چاڵێکی رەشا
یەخسیر ئەبێ!
.......
که هەرچی رەوەزی ئەم بیابانەیە
ئاشقن بەچەک و
وانەیەکن
لە سەرەتای هەرێمی کچ و
نیوەی کاڵی ماچ!
مانگ کە تواو بوو تۆ دەستت پێ کرد و
ئەم خاکە پڕە لە دایک و
لە کۆرپە و
لە شەهید و
لە خۆشەویستی دوو ئەشقی زوڵاڵ و
ئێمەین کە بە لمی برینێکی تازەدا
ئەتوێینەوە!
تەنیا ئێمەین
کە دووبارە سەلام لە شەیتان ئەکەین و
حەشری مەرگی پێ ئەسپێرین!.